# قەتڵگای بەعشیقە , ڕووی قەتڵگای شتادیۆنی کابوول ی سپی کرد!

**تاهیرحەسەن**

tahirhassan1@yahoo.com

کارەساتی بەردەبارانکردنی بیٚ ئەندازە وەحشیانەو دڵڕەقانەی کیژۆڵەیەکی 17ساڵە لە شارۆچکەی بەعشیقە, برینی 16ساڵ پڕ لەسوویێ ڕەشەکوژی ژنانی لەدڵی هەر ئینسانیٚکی وویژان بەخەبەردا دووبارە هەڵکەند. ئەمجارە بەشی هەرە زۆری بلاٚوکراوەو سایت و میدیاکانی دنیا بوونە جیٚگای نمایشی چرکە بە چرکەی گیان لە دەستدان و لەخوێندا هەڵکیٚشانی گیانی ( دوعا) ی هاوولاٚتیم. کارەساتی بەردەبارانکرنی دوعا ویژدانی ئینسانی و ئینسانیەتی خەڵکی کوردستانی بەجۆریٚك هەژاند, کە هیچ بەرگیٚکی نەتەوەپەرستی و دین و ئایدیۆلۆژی بەبەری کەسەوە نەهیٚشت و تەنیا ئینسان و ئینسانیەت بوو بە چوارچیٚوەی دەربڕینی ناڕەزایەتی قووڵی سەدان هەزار ئینسان. گەورە و بچوك, ژن و پیاو, گەورەساڵ و لاو, موسڵمان و ناسیونالیست و کۆمۆنیست. تەنیا کەسانیٚکی پەنجەی دەست نەبیٚت , کە ویژدانیان بە بەرژەوەندیەك فرۆشتووە.دەنا هەموو گریان, خەو لەچاوەکانی هەموومان زڕا,ناڕەزایەتی و هاوارەکان هەموو سنوورەکانیان بەزاند. شکم هەیە لەوەی تا ئیٚستا زمانی کوردی ئەوەندە داهیٚنانی لە بەکاربردنی جوانترین ووشەدا بۆ دەربڕینی قووڵترین بیٚزاری و ناڕەزایەتی لە زمانی خەڵکی کوردستانەوە, بەخۆیەوە بینیٚبیٚ. ئەم هەست و شعورە ئینسانیەی خەڵکی کوردستان, نیشانەی ئاستیٚکی بەرچاوە لە ئینسان بوون و مۆدیٚرن بوون و هوشیاری خەڵکی کوردستان, کەدەتوانیٚ ئاسۆیەکی ئومیٚد بەخش بۆ دیاریکردنی چارەنووسیٚکی گەش و ئینسانی لە سبەینیٚیەکی زوودا بخاتە بەردەم کۆمەڵگە.

هەرچەندە کاتیٚگ هەڵمەتی ڕەشەکوژی ژنان لەکوردستان لە ژیٚر دەسەلاٚتی یەکیٚتی و پارتیداو بە نەخشەی خودی ئەوان دەستی پیٚکرد,دووعا هیٚشتا تەمەنی تەنیا یەك ساڵ بوو. مەخا بن هەتا تەمەنی دووعا بوو بە 17ساڵ, دەیان هەزاری وەك دووعا لە کوردستان کوژران و سووتان و لاشەیان خرایە ژیٚر پیٚی دەسەلاٚتدارانی بزووتنەوەی کوردایەتیەوەو بکوژانیشیان موحەتەرەم لە دیوەخانی حزبەکانیاندا دانیشتوون. ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان گۆشەیەکی قیٚزەوون ودژی ئینسانی میٚژووی دەسەلاٚتدارەتی بزووتنەوەی کوردایەتی وحزبەکانیەتی لە 16 ساڵی ڕابردوودا. ئەگەر خەڵکی کوردستان و بەشەرییەتی ئازادیخواز تراژیدیای چرکە بە چرکە گیان لە دەستدانی ئەو هەزاران ژنەی کە بەگووللەی ناموس پەرستی و فەرهەنگی پیسی عەشیرەتی و شەریعەتی ئیسلامی دەسەلاٚتدارانی کوردایەتی, وەك ئەوەی دووعایان بە چاوی خۆیان ببینیایە, ئیٚستا گەورەترین کارەساتی دەروونی و ئینسانی تووشی کۆمەڵگەی ئینسانی ئەم سەردەمە دەبوو. نمایشی وەحشیانەی بەردەبارانکردنی دووعا , گەیشتنی ڕەشەکوژی زنجیرەیی ژنانی کوردستانە لە ژیٚر دەسەلاٚتی یەکیٚتی و پارتیدا بە ئاستیٚکی وەها مەترسیدار,کە ئیدی هەڕەشە لە بونیادی ئینسانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.

بەلاٚم ڕووداوی بەردەبارانکردنی وەحشیانەی دووعا , تەنیا کوشتنی ناموسی نیەو دیویٚکی زۆر مەترسیدارتری هەیە, کە ئەگەر بەری پیٚ نەگیریٚت, دەتوانیٚ بەشیٚوازی جۆراوجۆر و بە دریٚژایی سنووری کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری عیٚراق, هەرلە موسڵ و بەعشیقەوشنگال و دبس و کەرکوك و توزەوە تا دەگات بە خانەقین و مەندەلی, ببیٚتە بابەتی کیٚشمەکیٚشی ناسیونالیزمی کوردو عەرەب و ئیسلامی سیاسی سوونە لەسەر بەشی دەسەلاٚت و تالاٚنیان.

ماوەیەکە پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندین جاریش لە زمانی سەرۆکەکەیەوە, بەزمانی نیوە ستایش و نیوە هەڕەشە قسە لەسەر کوردبوونی یەزیدیەکان دەکریٚت. مەسعود بارزانی ماوەیەك بەر لە ئیٚستا لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە, یەزیدیەکان بەڕەچەڵەك کوردن و هەر کوردیش دەبن, بەلاٚم هەندیٚك کەسی یەزیدی هەیە بە پیلانی دوژمنان دەیانەویٚ کورد بوونی یەزیدی بسڕنەوەو لەسەر هەریٚمی کوردستان لایان بەرن.

هەرچەندە بارزانی ناوی ئەو کەسولایەنەی نەهیٚنا کە وان لەپشتی یەزیدیەکانەوە, بەلاٚم ئاشکرابوو کە مەبەستی بەرەی ناسیونال_ ئیسلامی سوونە بوو, کە خۆیان لە بەغداد لە پەنایاندا دانیشتوون. بەهەرحاڵ ژیانی ماڵ ومنداڵی یەزیدیەکان خراوەتە نیٚوان چەکوش و دەزگای ئەم دوو هیٚزە کۆنەپەرستەوە. عەشقی دووعا لەگەڵ کوڕیٚکی عەرەبدا ئەمنی قەومی کوردی خستە مەترسیەوە !!. ئەو عەشقە ئینسانیە پیرۆزەی دووعا کە هیچ مەرزو ناسنامەیەکی پووچی نەناسی, بەهانەیەکی دایە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان , کە سیناریۆیەك بەڕیٚ بخات و کارەساتیٚکی وەها لە نیٚوان خەڵکی عەرەب زمان و یەزیدیدا بخوڵقیٚنن, کە سەرەك عەشیرەت و میرو کۆنەپەرستەکانی عەشیرەتی یەزیدی ناچار بکات ڕیٚگای بیٚگەڕانەوەی هاتن بۆلای پارتی هەڵبژیٚرن. بۆیە چەند ڕۆژ دوای کارەساتی دووعا , بەرەی ناسیونال_ئیسلامی سوونە وەحشیانەترین قەسابخانەیان لەدژی زیاتر لە بیست کریٚکاریی

یەزیدی خولْقاند. سازکردنی نمایشی وەحشیانەی بەردەبارانکردنی دووعاو قەتلْی عامی زیاتر لە بیست کرێکاری بێتاوانی یەزیدی , هەردووکیان دوو پەردەی یەك نمایشی دژی ئینسانیە, کە ڕێکخەرو سازماندەری هەیە. ئیعتیرافەکانی جێگری پارێزگاری مووسڵ (خەسرەو گۆران), کە دووعایان لەلابووەو خۆیان تەسلیمیان کردووە بۆ کوشتن لەلایەك و بەردەبارانکردنی بە پێش چاوی ئاسایش و پۆلیس و لێپرسراوانی پارتیەوە لەلایەکی ترەوە, بەڵگەی سەلماندنی ئەم حوکمەیە. ئەوە بێجگە لەوەی پەردەش لەسەر پووچی و فریوکاری ڕاگەیاندنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەماڵێ, کە دوای بیست ڕۆژ بەسەر کارەساتەکەدا و لەژێر فشاری بەرەی ئازادیخوازی دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا هاتە قسە. ئەگەر ئەم پیلان وقومارخانەیە لەسەر ژیانی خەڵك بەری پێنەگیرێ, شاروشارۆچکەکانی سەر ئەوسنوورانە دەبنە کانگای دووبارەبوونەوەی کارەساتی ئینسانی هاوشێوەی دووعاو گیانی سەدان هەزار ئینسانی ئەو شارۆچکانە فەناتیزمی قەومی و دینی لەخوێنیان هەڵدەکێشێ.

برەودان بە عورف وعادات و قانوونی عەشیرەتی و پیاوسالاری و مەزهەبی و ئاوەدانکردنەوەی تەکیەو خانەقاو دیوەخانەکانی عەشیرەتگەری, سیاسەتی سەرەکی و هەمیشەیی هەردوو حزبی دەسەلاّتدار بووە لە 16 ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان و مەرجی ڕاگرتن و مانەوەی دەسەلاّتیانە بەسەر سەری خەڵکەوە. بەڵگە هێنانەوەی ناوێ. کاتێك کرێکارانی کارگەیەك یان بەشێك دەست لەکار دەکێشنەوەو داوای مافەکانیان دەکەن, یان کاتێك قوتابیانی زانکۆکان بۆ باشکردنی بەشەناوخۆییەکانیان خۆپیشاندان دەکەن, یان کاتێك خەڵکی شاروشارۆچکەکان لە دژی گەندەڵی و نەبوونی ئاوو کارەبا خۆپیشاندان دەکەن, لە چاوتروکاندنێکدا سەدان ئەمن چوار دەوریان دەگرن و پۆل پۆل هەڵسوڕاوەکانیان بەرەو زیندان دەبەن, بەلاّم ناتوانن گیانی کیژۆڵەیەکی 17ساڵە لە مەرگ ڕزگار بکەن؟!. خۆشبەختانە خەڵکی زۆر لەوە هوشیارترن فریوی ئەم قسە پووچ و بێ ناوەڕۆکانە بخۆن.

ئەم سیاسەتە هەتا سەرمۆخ دژی ئینسانیە دەبێ مەحکوم و ڕسووا بکرێت. کارەساتی گیان لەدەستدانی دووعای ئازیز جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە, کە قیمەتی ئینسانی خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتن لە ماف وخواستەکانی خەڵك لە سیاسەت وبەرنامەی هەردوو حزبی دەسەلاّتداردا, نەك هەر بایەخی چڵەپووشێکی نیە, بەڵکو سەرومالّ و موقەدەرات و کەرامەتی خەڵکی کوردستان دەتوانێ لە چرکەیەکدا بکرێتە قووربانی قێزەونترین سیاسەتی ئەو دوو حزبەو قازانجی گیرفانی سەرانیان. دەبێ دەسەلاّتدارانی کوردستان, کە کوردستانیان کردۆتە گۆڕستانی ناشتنی ئاوات و ئارەزووەکانی هەزاران ژنی ئازادیخواز و دلّ پڕ لە هیوا, بخرێنە بەردەم دادگای ئاشکراو ئینسانی خەڵکی کوردستان و بەشەرییەتی ئازادیخوازەوە. دەبێ خەڵکی ئازادیخواز و دلّ پڕ لە ئێش و حەسرەتی کوردستان لە ئەوروپا و ئەمریکاو کەنەداو ئوستralیا, دەرگای مانۆڕی سیاسی لە سەرانی دەسەلاّتداری کوردستان لەم وولاّتانە بگرن و وەکو قاتلّ و بکوژانی هەزاران ژن لە کوردستان بە دنیاو ناوەندی نێو دەوڵەتی بیان ناسێنن.

لەشکری کوشتن و ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان, تۆقێنەرە. دەبێ ئەو هەست و سۆزە ئینسانیە عەزیمەی بۆ دووعا هەژاوە, ببێتە بزووتنەوەیەکی بە هێزی سەراسەری کۆمەلاّیەتی لە کوردستان و دەرەوە, تا چیتر دووعاکانی تازە کیژۆڵە نەکوژرێن, دووعا دەبێ ببێتە سەمبولی بە گژاچوونەوەی قانوونی هەلاّواردنی جنسی و تووندو تیژی دەر هەق بە ژنان. ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێ ناوکۆکەی ڕزگارکردنی یەکجاری چارەنووسی نادیار و هەڵواسراوی ئێستای خەڵکی کوردستان بێت. وکۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران و حکومەتی هەڵبژێردراوی ئازادانەی خەڵکی کوردستان پێك بێت.

2007/4/25